Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

**راگەیەندراوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**سەبارەت بە ڕووداوەکانی باکووری کوردستان**

لە حەوتووی رابردووەوە، پاش ئاشکرا بوون و دەرکەوتنی دەستی دەوڵەتی ترکیا لە کردەوە تێرۆریستییەکەی شاری شەمزینان دا، رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە تیرۆری دەوڵەتیی بە دژی کوردان، راساون و رژاونەتە سەر شەقامەکان و بەمجۆرە راپەڕینێکی جەماوەریی لێکەوتووەتەوە.
دەوڵەتی داگیرکەری ترک، لە جیاتی سزادانی تاوانبارانی کردەوەکەی شەمزینان، وەک پیشە و رەفتاری هاوکووفەکانیان لە ئێران و سووریا و رژێیمی پێشووی عێراق، بە زەبروزەنگ وەڵامی خەڵکی راپەڕیوی حەقبەدەستی کوردستانیان داوەتەوە و لە ئاکامدا ژمارەیەک لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان شەهید و بریندار بوون.
کردەوە تێرۆریستییەکەی شاری شەمزینان کە لە لایەن دام و دەزگا سیخورییەکان و ناوەندەکانی رێکخستنی تیرۆری دەوڵەتیی ترکیاوە بەرێوەچوو، نیشانیدا کە دەوڵەتی ترکیا خۆی هۆکاریی سەرەکیی توندوتیژی نانەوە لە شارەکانی کوردستانە و لە رابردووشدا زۆر پیلانی وای خوڵقاندووە.
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وێڕای مەحکومکردنی پیلانە تێرۆرستییەکەی شەمزینان و رەفتاری فاشیستانەی هێزەکانی دەوڵەت، پشتیوانیی خۆی لە راپەڕینی خوشک و براکانی لە باکووری کوردستان دەردەبڕێ. هەروەها داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکا، لە حاست کوشتاری کوردان بە دەستی هیزەکانی ترکیا بێدەنگ نەبن و بەهانای نەتەوەیەکی بەر زەبروزەنگ کەوتووەوە بچن.
لە جێی خۆیدایە کە داواش لە پارت و رێکخراوە سیاسییە نەتەوەییەکانی باکووری کوردستان بکەین کە بۆ رێکخستن و رێبەرایەتی کردنی ئەو راپەڕینە و وەڕێخستنی کەمپینێکی بەربڵاو بۆ راگرتنی زەبروزەنگی دەوڵەتی ترکیا، هەڵوێست و هەنگا و تواناکانیان یەکخەن.
راپەڕینی رۆڵەکانی کورد لە باکووری کوردستان، ئاڵقەیەکی دیکەیە لە رابوونی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بۆ پچڕاندنی نیری یەخسیریی و تەواوکەری راپەڕینی پارچەکانی دیکەی نیشتمانە.
بۆیە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وەک ئەرکی نەتەوەیی خۆی ئامادەیە ئەوەی لەبەردەستیدایە، بیخاتە خزمەت ئەو راپەڕینە و رێبەران و رێکخرانی.

شەکاوە بێ ئاڵای رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**27/گەڵارێزانی/2705**
**18/نۆڤمبەری/2005**


www.ruk2691.com
www.rukusa.com

Email: ruk2691@yahoo.com کوردستان (ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

HEWLER: TEL:2226682 - Mobil: 4480467

SILEMANI: TEL: 3189462 Mobil: 07702540203